# دنیای منداڵان

١٤٨

www.kurdistanukurd.com
ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا



# دنیای منداڵان

گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی
منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا



سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر

دەستەی نووسەران: کاوە ئاهەنگەری، هانا وریا، نێعمەت مەلا، مینا سوڵتانزادە

پەیوەندی:
www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
www.Kurdistanukurd.com

# ڕۆژی جیهانیی دەست شۆردن

منداڵە ئازیزو خۆشەویستەکانی دنیای منداڵان ئەوکاتەتان باش!

لە وتەی ئەمجارەی دنیای منداڵان دا دەمانهەوێ باسی گرنگیی دەست شۆردن بکەین. یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی زۆربەی نەخۆشییەکانی جیهان دەگەڕێتەوە بۆ پیس بوونی دەستەکانو هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە ساڵانە خەڵکێکی زۆر بە تایبەتیش منداڵان تووشی نەخۆشی بن. تەنانەت هەندێک لەو نەخۆشیانە هیچ چارەسەرێکیان نیەو دەبنە هۆی گیان لەدەستدانی مرۆڤ. گرنگیی دەست شۆردن بە ڕادەیەکە کە ڕێکخراوی جیهانیی تەندروستی بۆ یەکەم جار لە ١٥ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی ئەم ڕۆژەی وەک ڕۆژی جیهانیی دەست شۆردن ناودێر کرد. تەنیا لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا نزیک بە ٨٠ وڵاتی جیهان ئەو ڕۆژەیان کرد بە جێژن.

تەنیا دەست شۆردن دەتوانێ بەرگری لە توشبوون بە زۆربەی نەخۆشیەکان بکا.

منداڵە ئازیزەکان! کەوابوو ئێوەش بۆ ئەوەی تووشی نەخۆشی نەبن هەمووکات پێش نان خواردنو دوای نان خواردن، دوای ئەوە کە لە یاری کردن تەواو دەبن، هەروەها لە هەمووی گرنگتر لە قوتابخانە پێش ئەوەی خواردن بخۆن حەتمەن دەبێ دەستەکانتان جوان بە ئاوو سابوون بشۆن. بە هیوای ساغ و سلامەتی بۆ ئێوەی خۆشەوست، ئاواتی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

**سەرنووسەر**









ئەمین گەردیگلانی

ئەمین گەردیگلانی لەدایکبووی ئاوایی گەردیگلانی سەر بە شاری سەقز و هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی، لە بنەماڵەیەکی جووتیار لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندەکەی خۆیان و تاکوو پۆلی چواری سەرەتایی خوێندوە و پاشان بەهۆی نەبوونی مامۆستاو بە هۆی ژیانی بنەماڵەیی نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدا. لە ساڵی ١٣٦٢، دوای چوونیان لە ئاوایی گەردیگلانەوە بۆ شاری بۆکان، دەبێتە شاگرد خەیات، هاوکاتیش هاوینان لەگەڵ بنەماڵەکەی بۆ کاردکردن دەچێتە کوورەخانە.

ئاشنابوونی بە زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ خوێندن لە قوتابخانەی گوندەکەیان و دوای دابڕان لە خوێندن هەر هۆگری نووسین و خوێندنەوە بوو، هەر ئەوەش وایکرد کە دواتر ڕوو لە نووسینی شێعر و کاری وەرگێڕان بکا و تا ڕادەیەکی باشیش لە کاری لێکۆڵینەوە لە وشە شارەزایەو تاکوو ئێستا فەرهەنگێکی وشەی کۆ کردۆتەوە.

چەند دانە لە بەرهەمەکانی ئەو نووسەرە

(تاپۆی وەرزێکی سەوز) ساڵی ١٣٧٦، کۆمەڵەشێعر

(مەرگە خەون) ١٣٨٣، کومەڵەشێعر

(خۆر و لاولاو) کومەڵەشێعری منداڵان.

وەرگێڕانی کۆمەڵەچیرۆکی (دیسان لەو شەقامانەوە) نووسراوەی بیژەن نەجدی.

وەرگێڕانی کۆمەڵەچیرۆکی (تەپڵی ئاور) کە لە ١٦ چیرۆکی بیانی لە خۆ گرتوە.

وەرگێڕانی ڕۆمانی (جێگەی بەتاڵی سلووچ) نووسراوی مەحموود دەوڵەتئابادی.

وەرگێڕانی (یەککگرتن) نووسینی قودسی قازی نوور چیرۆکی منداڵان.

وەرگێڕانی ڕۆمانی (برایانی کارامازۆف)ی داستایفسکی.

هیوای ساغ و سلامەتی و تەمەن درێژیی بۆ دەخوازین.

ئا: نێعمەت مەلا

# چیرۆکی عەلی بچکۆلەو خواردنە خۆشەکانی مارکێت

رۆژێک عەلیو دایکی بۆ کڕینی کەلو پەلی خواردن سەردانی مارکێتێکیان کرد کە پڕ لە خواردنی زۆر خۆش بوو.

دایکی عەلی دەستی دایە قەرتاڵەیەکو چوو ئەو شتانەی پێویستی بوو، هەڵیانگرێ. عەلی بچکۆلەش بە لای خواردنی منداڵاندا رۆیشت، زۆری ئیشتیا چووبووە ئەو خواردنانە، بەڵام چونکە ئیزنی لە دایکی وەرنەگرتبوو حەقی نەبوو هیچ هەڵگرێ. ئەو کەمێکی خۆڕاگرت، بەڵام هێندەی چاو لێیان بوو کە لەوە زیاتر نەیتوانیو چوو بە کەیفی خۆی خواردنی لە قەرتاڵەکە کرد. دایکی کە ئەو هەمووە خواردنەی دی گوتی: عەلی ئەوانە چین تۆ خستووتنە نێو قەرتاڵەکە؟! عەلی گوتی دایە گیان خۆ ئەو شتانەی تۆ کڕیوتن هیچیانم پێخۆش نییە، بۆیە





ئەمنیش خواردنم بۆ خۆم کڕیوە. دایکی گوتی ڕۆڵە گیان خۆ ناکرێ هەرچی تۆ حەزت لێبوو هەمووی بکڕی، ئێمە تەنیا ئەوەندەمان پارە هێناوە کە بتوانین پێویستییەکانی ماڵێ پێبکڕین.

عەلی کە قسەی دایکی نەسەلماندبوو مانی گرت. دەستی کرد بە گریانو هەراو هۆریاو ئەو مارکێتەی هێنایە سەیری خۆی.

دایکی بە هەر شێوەیەک بوو عەلی ڕازی کرد کە بگەڕێنەوە ماڵێ. هەر کە گەیشتنەوە ماڵێ گوتی خێرا بڕۆ دیوەکەت، عەلی پرسی بۆ دایە ئەمن چیم کردوە؟! دایکی گوتی ئەتۆ لەوێ حەیای منت برد، دەی خێرا بڕۆ دیوەکەت دەبێ بزانی چ کارێکی هەڵەت کردوە لەو شوێنە گڕووت بۆ شت گرتوە.

عەلی ئێوارە لە دیوەکەی هاتە دەرێو هەرچی قسەی لەگەڵ دایکی دەکرد دایکی جوابی نەدەدایەوە، دواتر دایکی گوتی: ئەم جارە لێت خۆش دەبم بەڵام ئیدی نابێ شتی ئاوا دووپات بکەیەوە.

بەڵێ منداڵە خۆشەویستەکان! ئێوە کە لەگەڵ دایکو باوکتان دەچنە شوێنێک بۆ کڕینی شت نابێ گڕوو بگرن، لەوانەیە ئەوان ئەوەندەیان پارە پێ نەبێ کە هەرچی ئێوە داوای بکەن بۆتانی بکڕن.

**و. بۆ کوردی: مینا**

# منداڵی کوردستانین

منداڵی کوردستانین

هیوای گەشی بەیانین

خوێندن هێز و چەکمانە

دلێرو پاڵەوانین

ئێمە رۆڵەی خەباتین

بێچووە شێری وڵاتین

بۆ بەرزیەتی نیشتمان

تیشکی رێگەی ئاواتین

مەدحەت بێخەو

# دونیای مەجازی!

ڕۆژێک لە پارک دانیشتبووم و سەرم خستبووە سەر مۆبایلەکەم و چاوم لە فیس بووکەکەم دەکرد.

کوڕێکی ٥ ـ ٦ ساڵە هاتە لام و وتی:- مامە بنیشتێکم لێ دەکری؟!

منیش وتم:- پووڵم زۆر پێ نییە بەڵام دانیشە ئێستا ڕەفیقەکەم دێت و بنێشتت لێدەکڕم.

وتی باشە و دانیشت.

دوای ماوەیەک وتی:- مامە ئەوە خەریکی چی؟!

منیش وتم:- بە دونیای مەجازی ئا دەگەڕێم.

کوڕە بچکۆلەکە وتی:- دنیای مەجازی چییە مامە؟!

دەمویست جوابێک بدەمەوە کە منداڵێکی ٥ـ ٦ ساڵەش بتوانێت لێی حاڵی بێت.

وتم:- دنیای مەجازی شوێنێکە کە ناتوانی هیچت بەر دەست بکەوێت بەڵام دەتوانی هەموو ئارەزووەکانتی تێدا جێبەجێ بکەی.

کوڕەکەش وتی:- مامە دونیای مەجازیم زۆر پێخۆشە ئەمنیش زۆر دەچمە ئەوێ.

وتم بۆ مەگەر ئەنتەرنێتت هەیە؟!

نا مامە.

باوکم لە زیندانە بەر دەستم ناکەوێت بەڵام زۆرم خۆشدەوێت.

دایکم بەیانیان کاتژمێر ٦ دەچێتە سەر کار و ١٠ ی شەو دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەش من خەوتووم نایبینم بەڵام زۆرم خۆش دەوێت.

کە براکە بچووکەکەم دەگری وردە نانەکە لە قاپێک ئاو دەکەم و وای دادەنێین سوپە، خۆ تا ئێستا سوپم نەخواردوە بەڵام زۆرم پێخۆشە.

بەیانیان خوشکەکەم دەچێتە دەرەوە ئاخر پووڵمان نییە، دەڵێن لەشفرۆشی دەکات، بەڵام تێناگەم کە دێتەوە لەشی هەر وەک جاران بەخۆیەوەیەتی و دەیهێنێتەوە.

من پێم خۆشە بچمە خوێندنگە و ببمە پزیشک، بەڵام ناتوانم بچم و دەبێ کار بکەم.

مامە مەگەر ئەوەی منیش دونیای مەجازی نییە؟!

فرمێسکەکانم سڕییەوە و

نەمتوانی هیچ بڵێم

وەڵامم دایەوە و وتم:- با گیانە دونیای تۆ زۆر مەجازیتر لە دونیای منە.

**وەرگێڕان لە فارسییەوە:- هانا وریا**

منداڵەکان سڵاو

وانەی ئەمجارەمان تایبەتە بە جێناوی ئاماژە و ئەوەیکە چۆن دەبێ لە زمانی ئینگلیسیدا ئاماژە بە دووری و نزیکی بکەین.

لێرەدا مەبەست کەڵک وەرگرتنە لە جێناوی ئاماژە بۆ ( This / That ) (ئەمە / ئەوە) لە دوو شێوەی (Singular/ Plural) (تاک/کۆ) یە.




What is this?

ئەمە چیە؟

It's is an apple.

ئەمە سێوە

What is that?

هۆوە چیە؟

It's an apple.

ئەوە سێوە

What are these?

ئەمانە چین؟

These are apples.

ئەمانە سێون

What are those?

ئەوانە چین؟

They are apples.

ئەوانە سێون

کاوە ئاهەنگەری

# بۆچی دوای خواردن خەونووچکە دەمانباتەوە؟



هەمووومان بە تایبەت نیوەڕۆیان لە دوای خواردن هەست دەکەین پێویستمان بەخەوتنەو ئەگەر بخەوین دەچینە خەوێکی قووڵەوە. ئەم دیاردەیە لێکدانەوەیەکی زانستی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەموو مرۆڤێکی پێگەیشتوو، لە ناو لەشیدا نزیکەی ٥ لیتر خوێن هەیەو بە سەر بەشە جیاجیاکانی لەشدا دابەش بووە. ئەو خوێنەی دەچی بۆ ئەندامەکانی لەشو ڕێژەکەی لەو ئەندامانەدا لە هەموو کاتێکدا وەک یەک جێگیر نیە، بەڵام بە گشتی ڕێژەی خوێن بەمشێوەیە دابەش ووە .

*گورچیلەکان ٢٤٪، جگەر ٢٨٪، ماسولکەکان ١٥٪، مێشک ١٤٪و ڕێژەی ١٩٪یش دابەش بووە بە سەر ئەندامەکانی دیکەی لەش . لە کاتی خواردندا گەدە پێویستی بە خوێنی زیاترە بۆ ئەوەی ئەو خۆراکەی بۆی چووە هەرسی بکا، ئەمەش وا دەکا بەشێک لە خوێنی ئەندامەکانی دیکەی لەش بچێ بۆ گەدەو بەم هۆیەوە ڕێژەی خوێن لەمێشکدا کەم دەکا، ئەمەش وا دەکات مێشک چالاکیی کەم ببێتەوەو ببێتە هۆی باوێشکدان و خەواڵو بوون .

## منداڵینە! جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو وێنەیە ببیننەوە!





١ی ژوئەنی هەموو ساڵێک بە ڕۆژی جیهانیی منداڵان دانراوە لە وڵاتانی ئیلسالوادۆر، گواتمالا و سریلانکا.

١ ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانیی بەساڵداچووانە.

٤ ی ئۆکتۆبر بە ڕۆژی جیهانیی گیانلەبەران ناسراوە.

یونسکۆ ٥ی ئۆکتۆبری بە ڕۆژی جیهانیی مامۆستا ناودێر کردووە.

٩ ی ئۆکتۆبر، ڕۆژی جیهانی پۆستە.

دووهەمین چوارشەممەی مانگی ئۆکتۆبەر بە ڕۆژی جیهانی (کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی کارەساتە سرووشتییەکان) دانراوە.

کارەساتە سرووشتییەکان بەو کۆمەڵە ڕووداوە زیانبەخشانە دەوترێت کە مرۆڤ ڕۆڵی نییە لە ڕوودانیان دا و پێشبینی ڕوودانیانی بۆ ناکرێت و یان ماوەیەکی زۆر پێش ڕوودانیان ناتوانین لێیان ئاگادار بینەوە وەکو بوومەلەرزە، لافاو، گێژەڵووکە، گرکان، گۆڕانکاریی زۆر لە پلەی گەرما، وشکەساڵی، ڕنوو و هەورەتریشقە و .....هتد.

بەڵام هێندێک کارەساتی تریش هەن کە ناڕاستەوخۆ مرۆڤ دبێتە هۆی ڕوودانیان وەک پیس بوونی ئاو و هەوای زەوییان بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی زەوییان دروست بوونی سێلاو کە لە ئەنجامی بڕینی دارو درەختی دارستانەکەن دێتە کایەوە.

لە ساڵی ١٩٨٩ ی زایینی، دووەمین چوارشەممەی مانگی ئۆکتۆبر بە ڕۆژی جیهانیی کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی کارەساتە سرووشتییەکان ناودێر کراوە.

**ڕۆژی گۆچانی سپی**

١٥ ی ئۆکتۆبری هەموو ساڵێک (٢٣ی ڕەزبەر) ناونراوە بە ڕۆژی گۆچانی سپی، واتە ئەم ڕۆژە تەرخان کراوە بۆ ڕۆژی جیهانیی نابینایان.

بۆ یەکەم جار ئەم ڕۆژە لە ئەمریکا و لە ١٥ ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٦٤ ی











زاییینیدا کرا بە جەژن و تەرخان کرا بۆ ئەوکەسانەی زگماک نابینان یان بە هەر هۆیەکەوە لە ماوەی تەمەنیان دا بینایی چاوەکانیان لە دەست داوە.

١٦ ی ئۆکتۆبر، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٥ ی زاییینیدا وەکو ڕۆژی جیهانیی خۆراک ناونرا.

١٧ ی ئۆکتۆبر ڕۆژی نێونەتەوەیی سڕینەوەی هەژارییە.

ئا: هانا وریا

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



مامۆستا: ئەو گیانەوەرە چییە کە گۆشت، ماست، شیر، پەنیر، پێڵاوو جلو بەرگمان دەداتێ؟!
ـ قوتابی: مامۆستا وەڵڵا باوکم!

بە پیاوێک دەڵێن: خێرا برۆ ئێستا قەتارەکە وەڕێ دەکەوێ.
ـ پیاوەکە: بۆ کوێ دەڕوا ئەوەتا بلیتەکە بە منە.

کابرایەک دەڵێ: ئەمن هەرشتێک جارێک بچێتە مێشکمەوە ئیدی قەتم لەبیر ناچێتەوە!
ـ هاورێکەی دەڵێ: ئەدی بۆ لەبیرت دەچێ ئەو پارەیەی لێت وەرگرتووم بمدەیەوە؟!
ئەویش دەڵێ: ئاخر پارە دەچێتە گیرفانمەوە خۆ ناچێتە مێشکمەوە!



دیاریی: نارین کەنکاش

# سوودەکانی کەرەوز

کەرەوز سەوزەیەکی زۆر بەسوودە، شوێنی سەرەکیی ئەو سەوزەیە لە کەنارەکانی دەریای مەدیتەرانە بووە. بۆ دروستکردنی چەندین جۆری سالادو چێشت کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

سوودەکانی کەرەوز:

- بۆ بەهێزکردنی دڵ، جەرگو سییەکان بەسوودە.
- بۆنی ناخۆشی نێو دەم ناهێڵێ.
- بۆ ئازاری گەدەو ریخۆڵە باشە.
- بە سوودە بۆ ئازاری جومگەکان.
- ئیشتیای خواردن زیاد دەکا.
- بڕێکی زۆر لە ڤیتامین C و ڤیتامین E هەروەها خوێی کانزایی،پوتاسیۆمو سۆدیۆمی تێدایە.

دنیای منداڵان



# ڕاستگۆیی

لە ژوورەکەی خۆم دانیشتبووم خەریکی کایەکردن بووم، کە دایکم هاتەژووری و پرسیاری لێکردم:

ژوورەکەت بۆ تەڕ بووە؟

:نازانم

دوایی چاوی بەو سەتڵە ئاوە کەوت کە لە حەمام شاردبوومەوە.

وتی: ئەو سەتڵە ئاوە چییە؟

وتم نازان!.

دایکم چاوی بەو کیسەڵەش کەوت کە لەوێ شاردبوومەوە، وتی ئەو کیسەڵە چیە لێرەیە؟

وتم: نازانم

دایکیشم وتی: ئەو سەتڵو کیسەڵە لەخۆوە هاتوونە ئێرە؟

منیش وتم: کیسەڵەکەم لە حەوشە دیتەوە و ویستم کەمێکی ئاو پێبدەم، بەڵام ستڵە ئاوەکە ڕژا و ژوورەکەم تەڕ بوو.

نەمدەویست ببمە هۆی نارەحەتیی دایکم، بۆیە بەڵێنم پێدا کە جارێکیتر کیسەلەکە نایەم بۆ ژوورەکەم، بەڵام دایکم لەبەر هێنانی کیسەڵەکە بۆ ژوورەکەم نارەحەت نەبوو بەڵکوو لەبەر ئەوە نارەحەت بوو کە درۆم لەگەڵ کردبوو.

دایکم وتی: ئەگەر سەرەتا ئیزنت لە من وەرگرتبا، منیش هاوکاریم دەکردی.

دوایی داوای لێبوردنم لە دایکم کرد و بەڵێنم پێدا کە لەمەوبەدوا ڕاستگۆ بم.....

**دایکی پەیام**

# فێرگەی نەققاشی



# زیانەکانی خواردنەوە گازییەکان

منداڵە خۆشەویستەکان! ساردیو خواردنەوە گازییەکانی دیکە لە نێو بەشێکی زۆر لە ئێوەدا وەک خواردنەوەیەکی خۆش سەیری دەکرێ، بەڵام با بزانین خواردنەوەی زۆری ساردییە گازییەکان چ زیانێکی هەیە:

لێکۆڵینەوەکان نیشانیان داوە کە خواردنەوەی زۆری ساردی، دەبێتە هۆی کلۆریو نێوبەتاڵبوونی (پووکی) ئێسک، قەڵەوی، ڕزاندنی ددانەکان، نەخۆشیی دڵو زۆر نەخۆشیی دیکە.

هەروەها لە هەر قوتویەکی چووکی خواردنەوە گازییەکاندا ١٠ کەوچک شەکر، ١٥٠ کالێریو ٥٥_٣٠ گرەم کافێئینی تێدایەو پڕە لە ڕەنگی ناسروشتی کە هەموویان زیانی زۆریان بۆ ئێوە هەیە.

جیا لە هەمووی ئەو زیانانە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئیشتیا لەو خواردنانەی کە قازانجی زۆریان بۆ لەشی ئێوە هەیە وەک: هەموو سەوزییەکانو، ئەو خواردنانەی پرۆتۆئینیان هەیەو سپیاییەکان.

**ئا: نارین**





# چیرۆکی کتێبە دڕاوو شپڕێوەکان

ڕۆژێکیان چەند کتێبی دڕاوو شپڕێویان هێنایە کتێبخانەی قوتابخانەکەمان تا بیانخەینە نێو قەفەزەی کێتبخانەکەوە بەڵام وێدەچوو ئەوان تا ئێستا کتێبخانەیان نەبینیبێ، بۆیە زۆریان بەدفەڕی دەکردو بەردەوام بە دەنگی بەرز پێدەکەنینو پاڵیان بە یەکترەوە دەنا.

ئەوەی سەردانی ئەو کتێبخانەیەی دەکرد پێی سەیر بوو! باشە ئەوانە بۆ ئاوا دەکەن، باشە نازانن وەک ئەو کتێبانەی دیکە بە ڕێکو پێکی لەسەر جێی خۆیان دانیشن.

بەرپرسی کتێبخانەکە چەند جاری دەنگ دان کە حەجمینیان بێ، تا کەسێک بێو بیانخوێنێتەوە، بەڵام خۆ ئەوان تێنەدەگەیشتنو دەستیان لە کایە کردن هەڵنەدەگرت.

کتێبەکان سەریان لە وشەی «خوێندنەوە» سوڕ مابوو! گوتیان کەسێک بێو ئێمە بخوێنێتەوە؟!

بەرپرسی کتێبخانەکە گوتی: بەڵێ!

کتێبەکان هەموویان دایان لە قاقای پێکەنین.

کۆنە کتێبەکان لە دەست ئەو کتێبە تازەهاتوو بەڵام بەدفەڕانە وەئامان هاتبوون.

ئەوان هەر بۆڵەیان دەهات، تا ئەوەی کە یەکێک لە کتێبەکان وەدەنگ هات و پرسی: ببوورن دەتوانم لێتانبپرسم ئێوە پێشتر لە کوێ بوون؟!

کتێبە شپڕێوەکان چاوێکیان لە یەکتر کردو گوتیان: لە نێوە یارییەکانی خاتوو ئەستێرە دا بووین.

_ لەنێو یاریی منداڵان! بەڵام جێی کتێب نێو کتێبخانەیە نەک یاریی منداڵان!

_ ئەی نابینی هەموو لاپەڕەکانمان دڕاوو نوشتاونەتەوە، بەرگەکانمان خراپ



بوون؟!
ـ ئێستا تێگەیشتم ئێوە بۆ ئەوەندە هاروهاجنو لەسەر جێی خۆتان دانانیشن.
ئاخر کتێب ئەگەر خراپ ببێ ناشیرین دەبیو کەس حەز ناکا بیشیخوێنێتەوە.
بەڵام ئێستا ئێوە لەنێو یاریی منداڵاندا نین لێرە وردە وردە باش دەبنەوەو لە هەمووی گرینگتر منداڵان دێنو چیرۆکەکانتان دەخوێننەوە.
ئەو قسانە ئەوەندە کاری لەو کتێبانە کردبوو کە خەریکبوو دەست بە گریان بکەن، چونکە هەموو کتێبێک ئاواتی ئەوەیە بخوێندرێتەوە.
بەڵێ منداڵە شیرینەکان کاتێک کتێب یان گۆڤارێک دەکڕن نابێ بیخەنە نێو یارییەکانتانەوە، چونکە لاپەڕەکانی دەدڕێو پیسو ناشیرین دەبیو دواتر حەزتان لە خوێندەوەی نابێ، هەر بۆیە دەبێ کتێبو گۆڤارەکانتان لە نێو قەفەزەی کتێبخانە دابنێنو بە باشی بیانپارێزن.

**دارشتنەوەی: مینای سوڵتانزادە**

## منداڵەکان بە دڵی خۆتان بمڕەنگێن!



# یاسای سەیرو سەمەرەی وڵاتان



- هیندوستان: کوشتنی مشک بە بێ ئیزنی یاسا تاوانە.



- تورکیە: لە سەدەی ١٦ و ١٧ خواردنەوەی قاوە قەدەغە بووە و هەرکەسێک لە کاتی خواردنەوەی قاوە دەستبەسەر کرابایە لە سێدارە دەدرا.



- تایلەند: لەو وڵاتە بنێشت جووتن لە شوێنە گشتییەکان قەدەغەیە و هەرکەس بنێشت بجوێ بڕی ٥٠٠ دۆلار جەریمە دەکرێ.



- بنگلادێش: قۆپی کردن لە قوتابخانەکان قەدەغەیە و هەر منداڵێکی سەرووی ١٥ ساڵ لە کاتی تاقیکردنەوەدا قۆپی بکا، زیندانی دەکرێ.



- یونان: لە ساڵی ٢٠٠١ەوە یاریی کامپیوتێری لەو وڵاتە قەدەغەکراوە.



- ئۆستڕالیا: لە ئەیالەتی ویکتۆریای ئۆستڕالیا کەس بۆی نیە ڕۆژانی یەکشەممە شەڵواری (پەمەیی) لەبەر بکا، تەنانەت منداڵانیش.

مەتین

# پەپوولە



پەپوولەی جوانو ڕازاو
ئێسک سووکی باڵ نەخشاو
تۆ کەی هاتیت بۆ لامان؟
بەخێرهاتی سەرچاومان
چاوەڕێت بووین زۆر بە کوڵ
بیرمان دەکردیت بە دڵ
لێرە زۆرە دارو گوڵ
بفڕە لەم چڵ بۆ ئەو چڵ

باڵدار





